# ئەویتر لەخیتابی کوردی

**سەردار عەزیز**

ئەویتر چەمێکی بیرلێنەکراوەیە لە پانتایی رۆشنبیری کوردیا. ئەم چەمکە سەرباری سادەیەتی بەتایبەت کاتێک بەرگوێمان ئەکەوێت بەلام لە هەمانکاتدا یەکێکە لە هەرە ئالۆزترین چەمکەکانی ناوەندی بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەلناسی و فەلسەفە. ئەویتر ئەو بوونەیە کە من یان خود نیە. یان بەمانایەکی تر ئەویتر بەرامبەری خودە. ئەویتر جودایە لە خود. ئەویتر ئەو بونەوەرەیە کە خود ناتوانێ کۆنترۆلی کات بۆیە ئەویتر لە زۆربەی شێوازدا وەک دوژمنێک دەبینرێت .

ئەویتر چەند ئاست و شێوازێکی هەیە. ئەویتر لە ئاستی تاکە کەسیا. ئەویتر لە ئاستی کۆمەلگادا. ئەویتر لە ئاستی نەتەوەدا. ئەویتر لە ئاستی بروا یان ئایندا. بۆ کۆمەلگای کوردی رەنگە ئەویتر لە ئاستی عەشیرەت یان ئەویتر لە ئاستی حیزب، ئەویتر لە ئاستی ناوچەدا، بەجۆرێک لە جۆرەکان ئامادەیی هەبێت. ئەویتر ئەو کەسەیە کە لە دەرەوەی بازنە ناونراوەکانن. هەبوونی ئەو لە دەرەوە دەبێتە بەشێک لە خیتابی ناوەوە. ئەم خیتابە کاتێک دەگاتە ئاستی رەهایی کە دەبێتە کۆلکەی خیتابی ناسنامە. خیتابی کێیەتی من. کێیەتی خود. کێیەتی ئەویتر.

ئەویتر دەرئەنجامی پرۆسەیەکی کۆمەلایەتیە. ئەویتر سروشتی نیە. ئەویتربوون پرۆسەیەکە رۆژانە هەمومان بە ئاستی جودا جودا تیایا ئەژین. لە هەمانکاتدا هەمومان رۆژانە پیادەی ئەکەین. بەگشتی پرۆسەی بە ئەویتربوون، لە هەمانکاتدا پرۆسەی ئەویترکردن پرۆسەیەکی نێگەتیفە. بەلام لە کۆمەلگای ئێمەدا ئەوەی مەترسیە، سروشتی بوونی ئەم دیاریدەیەیە. سروشتی بوون بە مانای ئەوە نیە کە سروشتیە بەلکو بەمانای ئەوەی کە نابێتە مایەی تێرامان، بیرکردنەوە، هەستکردن. بەلکو رووئەدات کاریگەری و دەرئەنجامەکانی ئەچێژین بەلام وەک باران وەک خۆرەتاو نابێتە هۆی بیرکردنەوە .

پێش ئەوەی بێم ئەویتر و ئەویترکردن و ئەویتربوون لە ئاستی سیاسیا لێکدەمەوە بەتایبەت لە ژێر رۆشنایی ئەم روداوانەی دوایی لە نێوان کورد وتورکدا. سەرەتا چەمکی ئەویتر وەک چەمک و ئەنتەلۆژیایەکی پۆزەتیف تەماشای ئەکەم ئەویش بە کارکردن لە سەر لیڤیناس. لیڤیناس جولەکەبوو. کارە فەلسەفیەکانی زیاتر دەربارەی ئاکار بوو. یەکێک لە سەرچاوەکانی رۆشنبیری کتێبی پیرۆزی تەورات بوو. لە تەوراتدا دە گوناهی گەورە هەیە کە نابێ کەسی بروادار بیکات. یەکێک لەو گوناهانە کوشتنە. نابێ بکوژی، خودا بە مرۆڤ دەلێ لە رێگای پەیامبەرەکەیەوە،

لیڤیناس دەلێ ئێمە نابێ ئەویتر بکوژین بەپێی ئەم داواکاریە، نەک لەبەر خاتری ئەویتر، بەلکو بە پێچەوانەوە لە پێناوی خۆماندا، چونکە تەنها لە رێی ئەویترەوە ئێمە هەست بەبوونی خۆمان دەکەین. کەواتە تەنها لە بەرامبەر ئەویتردا ئێمە لە تەواوی بوونی خۆمان بە ئاگادیین. کەواتە خود لەبەرامبەر ئەویتردا لە جودایی خۆی، لە تایبەتمەندی خۆی، لە سەربەخۆیی خۆی بە ئاگادێت. لەبەرئەوە بۆئەوەی ئێمە هەبین و هەست بەبوونی خۆمان بکەین پێویستمان بەئەویترە. بۆیە نابێ ئەویتر بکوژین. وەک جۆن ستیوارت میل دەلێت. تەنها لەبەرامبەر ئەویتردا ئێمە ئەتوانیم بلێین هەین.

بەلام پەیوەندی ئەویتر بە خودەوە پەیوەستە بە دیدی خود بۆ دونیا. لێرەوە کێشەی ئاین و ئایدەلۆژیە ئاینیەکان دێنە ئاراوە. لە ئیسلامدا، موسولمان و کافر هەیە. کافر ئەوکەسەیە کە موسولمان نیە. بە پێی ئاین لە کاتی شەردا هەموو شتێکی تەنانەت ژن و منالەکانیشی حەلالی موسولمانانە. کەواتە ئەویتر وەک دوژمن تەماشا ئەکرێت. ئەمە تەنانەت لە دەولەتی ئیسلامیشا. لە حکومی ئیسلامیا مرۆڤی ناموسلمان مافی ئەوەی نیە هاوولاتی بێت. بەلکو دەبێت سەرانە بدات بۆ مانەوە و پاراستنی بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی رامیاری و کۆمەلایەتی هەبێت. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا کە زۆربەی بیریارەکانی فیکری ناشیونالیزمی عەرەب بە رەچەلەک مەسیحین. ئەوان لە رێی بانگەشەکردن بۆ ناشیونالیزم، تەنانەت لە شێوازی فاشیزمدا، لەبەر کاریگەری فیکری رۆژئاوا لەو کاتەدا، دەیانویست کۆمەلگایەک بهێننە دی کە تیا جیاوازنەکرێن لە بەر ئاینەکەیانە. کەواتە لێرەدا کرۆکی مەسەلەکە

ئەویتربوونە. مەسیحیەکان لەبەر جودایی ئاینیان هەمیشە لە پرۆسەی ئەویتردابوون. هەر ئەمەشە لە حکومی ئیسلامی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تەنها ناموسڵمانەکان بە کەمینە دائەنران. یانی ئەویتربوون بنەمایەکی ئاینی هەبوو. کێشەی ئەویتربوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەندێک بونیادی دارێژا کە تا کاتی ئێستا رۆژهەلاتی ناوەراست بەدەستیەوە دەناڵێنێ. ئەویتربوونی ئەرمەنی هەرزوو گۆرا بۆ ئەرمەنی دوژمن. ئەم گۆرانە کاتێک رویدا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە رێگایی بزوتنەوەی تەنزیمات و کۆمەڵەی تورکیایی نوێوە لە پرۆسەی خۆ نوێکردنەوەدا بوو. عوسمانیەکان کە خۆیان نویکردەوە ناسنامەی نوێیان ناسنامەیەکی نەتەوەیی بوو. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیە ناسنامەی تاکەکان عوسمانلی بوو. لە راستیا ئەو کاتە تورک بوون مایەی شەرم بوو. چونکە تورک لادێی بوون. بەڵام لە پاش کۆتایی خەلیفە تورکبوون بۆوو بە شانازی. ئەم پرۆسەی گۆرانە چونکە سەرەتا بنەمایەکی نکوڵی لێکراوی هەیە، بە مانایەکی تر، چونکە تورکبوون بۆ زەمانێ زۆر بە کەم و سوک تەماشائەکرا. لە بونیادی ناسنامەی نوێدا تورکبوون بونیادێکی ئەفسانەیی پێدرا. تورک کەسێکە ئازا، مێرد، پیاو، بەجەرک، پاڵەوان هەر لە ساتی لە دایکبوونیەوە.
دیارە ئەم ئەفسانە کاریە چەندێک بەرهەمی مێژووی عوسمانیە هێندەش بەرهەمی مۆدێرنەیە. مۆدێرنە لە پرۆسەی دارنبوون لە ناسنامەی رابوودو (ئەنشین رژیم) بونیادنانی ناسنامەی نوێ نەتەوەی وەک جۆرێک لە ناسنامە داهێنا. ئەم چەمکە سەد دەر سەد لە سەر دوالیزمی خود و ئەویتر بونیادنراوە. زۆربەی زۆری وولاتانی رۆژئاوا چەندین کەمینە و کەلتوری تریان تیابووە بەڵام هەر هەموویان قرکراون، بە جۆرێک فەرەنسا وەک کەلتورێک دەبینرێت کە وانیە، بەریتانیا وەک کەلتورێک دەبینرێت کەوا نیە، هۆڵەندا یان ئیتالیا بە کەڵتورێک دەبینرێت کەوا نیە .
دیارە نەتەوە وەک چەمکێک وەک شیوازێکی ناسنامە، کۆڵەکەی سیاسەتی ئێمەیە، بەڵام بەهیچ جۆرێک بیری لێنەکراوەتەوە. ئێمە تێنەگەیشتوانە مۆدێرنە کۆپی ئەکەین. یەکێک لە نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە کێشەی زمانی ستانداری کوردیە کە ئێمە ناتوانین کوردانە بیری لێبکەینەوە بەڵکو ئەتاتورکانە دەمانەوێ نەتەوەیەکی تاک زمان و تاک ناسنامە بخولقێنین. (ئەم کێشەیە لە داهاتوودا دیمەوە سەری).
کە قسە دێتە سەر ناسنامەی کوردبوون ئەویتر کێشەکە ئاڵۆز دەبێت. سەرەتا ناسنامەی نەتەوایەتی کورد لە قۆناغی دروستبووندایە. ئەوەی جێی داخە کە لەم قۆناخە هەستیارەدا کورد پیویستی بە بیریارە لە هەموو شتێ زیاتر بەڵام هەتا بڵێی لەو بوارەوە کەم دەستە. کاتێک ناسنامەی کورد جێگیرنەبووە ئەوا کوردایەتیکردن ئاسان نیە. تێگەیشتن لە چیەتی و کییەتی کوردبوون ئاسان نیە، جیاکردنەوەی کوردبوون لەئەو ناسنامەکانی تر ئاسان نیە. بەبروای من نەبوونی ئەفسانەیەکی تۆکمەیە دەربارەی ناسنامەی کوردبوون، کە دەڵێم ئەفسانە چونکە بروام وایە هەموو ناسنامەیەک ئەفسانەیە، وەها لە کوردئەکات زوو دەستبەرداری کوردایەتی بێت، زوو دژایەتی کوردبوون بکات، زوو ببیتە دڵسۆزی ئەو ناسنامەکانی تر، وەک ئیسلام یان کۆمۆنیوزم، دەتوانرێت جاشایەتیش بخرێتە ئەم خانەیەوە.
بەڵام کێشەکە لەوەدایە کاتێک کورد لەبەر نەبوونی قەوارەی نەتەوەیی ناتوانێ بونیادی سیستەمی خود بەرامبەر ئەویتر بکات. چونکە قەدەری غەمباری ئەو وەهایە کە دەبێ هەمیشە لەگەڵ ئەوانی تردا بژی. ئەوا بە پێچەوانەوە کورد هەمیشە بە ئەویتر ئەکرێت، بە دوژمن ئەکرێت، بە ناپاک ئەکرێت. قەیرانەکە لێرەدا ئەوەیە کاتێک پرۆسەی خودگەرایی فاشیستی ئەوانیتر، چ عەرەب، چ تورک چ ئیسلامی سیاسی، کاتێک نازیانە یان فاشیانە مامەڵە لەگەڵ کورددا ئەکەن چەندێک ناسنامەی کوردبوون کە لە قۆناغی دروستبونیایەتی بەرەوە ئەو تاریکستانە ئەبەن. چونکە ناسنامەی کورد لە هەموو ئەوانی تر زیاتر ناسنامەیەکی تۆلەرانس و کراوەبووە بەرامبەر بەئەوانی تر.
پرۆسەی ئەویتر و ئەویترکردن کە پرۆسەیەکی کۆنە لە مۆدێرنەدا گەشتە قۆناغی ناسنامە و لە پۆستمۆدێرنەدا لە قەیراندایە. ئەوا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا هێشتا لە قۆناخی بەربەریەتەکەیدایە. دیارە چەمکی بەربەری چەمکێکی یونانیە بۆ ئەویتر. هەتا ئەمرۆش وەک هەمیشە لەوەوپێش ژیان وەک کەسێکی جودا وەک کەلتورێ جودا لەم ناوچەیەدا مایەی مەرگە. دیارە ئەم ناوچەیە هێشتا لە ژێر کاریگەری حیکایەتە گەورەکانا ئەژی. رەنگە ئیسلام دوا

حیکایەتی گەورەبێت بۆ مرۆڤایەتی. هەرچەندە ئەو توندرەویە ئاینیەکانیش لە جێگاکانی تر لە دونیادا لە زیندووبونەوەدان. ئیسلام کاتێک باس لە نەبوونی جیاوازیەکان ئەکات وەک هەموو ئایدەلۆژیایەکی تر وەک رووبەکی گەش تەماشای ئەکات. بەلام نەهێشتنی جیاوازیەکان نەهێشتنی سیاسەتە. یەکەم قۆناغی تۆتالیتاریەتیش لە نەمانی سیاسەتەوە دەست پێئەکات، وەک هەنا ئارندیت دەلێت. بۆئەوەی کەس بالادەست نەبێت، کەس خۆی بە خاوەنی هەموان نەزانێت. ئەوا دەبێت چەمکی بوون بەیەک، یەکبوون، بسرێتەوە. کۆمەلگا هەرگیز یەک نیە. بەرژەوەندیەکان هەرگیز یەک نین. ئارەزوەکان دەگۆرێن، ئاینەکان دەگۆرێن، بەرژەوەندیەکان دەگۆرێن، بۆیە دەبێ سیاسەت هەرگیز نەوەستێ، بەردەوام لە گۆراندا بێت. تەنها بەداننان بە جیاوازبوونی ئەویتر و جوانێتی جیاوازی ئەویتر دەتوانرێت کۆمەلگایەکی مرۆڤ دۆستی بێتە کایەوە.

بەلام سەرەرای ئەمە ئەویتر دەبێ کاتێک وەک جوانیک تەماشای بکرێت کە ئەویش هەمان دیدی هەبێ بۆ دونیا. ئەویترێکی نازی، ئەویترێکی فاشی، ئەویترێکی عەرەب، ئەویترێکی تورک ناتوانرێت بەمجۆرە ببینرێت. ئەمرۆ لە تورکیا کورد لە ستاتۆی ئەرمەنیەکانی سەرەتای سەدەی بیستدایە. بەلام تەنها جیاوازی ئەوەیە کورد ژمارەیان زۆرترە و دونیا دونیای جاران نیە. تورکبوون هێندە ناسنامەیەکی رەگ داکوتیوە لە کەسایەتی تورکدا هیچ ئایدەلۆژیایەکی تر ناتوانێ گۆرانی بەسەرابێنێت. ئەگەر تەماشایەکی رۆژانی سەرەتای خەباتی پەکەکە بکەین. بەتایبەت قۆناخی دوو سالی نهێنی رۆژانی ئەنقەرە. ئۆچئالان و هاوەلەکانی هەولیاندا لەگەل چەپەکاندا پێکەوەبن، لە بەر بالادەستی فیکری چەپ لە حەفتاکانی تورکیا و نزیکی کێشەی کورد لە هەژاریەوە. بەلام لای چەپ کورد کێشە نەبوو. هەرچەند هەولیان ئەدا کوردەکان ببنە ریزی گروپەکانیانەوە بەلام رازی نەبوون بە چارەسەری کێشەی کورد. من ئێستا ئیسلامیەکانیش بە هەمان شێواز دەبینم. هەرچەندە ئەم کێشەیە پەیوەست نیە بە ئیسلامەوە وەک دەق یان ئاین بەلکو زیاتر پەیوەستە بە کێیەتی ئیسلامیەکان. بەلام مایەی گەشبینیە ئەوەیە، کورد و ئیسلامی وەک یەک لەلایەن عەلمانیەکانەوە لە پرۆسەی ئەویتربووندان. بۆیە کاتێک ئیسلامیەکان دەیانەوێ تورکیا بکەنە وولاتێ کە تیایا ئازادانە و بێترس سیاسەت بکەن ئەوا دەبێ هەندێ گۆران لە بونیادی کەلتوری سیاسی تورکدا روربدات کە رەنگە کورد بتوانێ قازانجی لێبکات بەلام ئەگەر هەولی بۆنەدات ئەوا گەرەنتی نیە.

لە کۆتاییدا چەمکی ئەویتر چەمکێکی مەترسیدارە. چەندێک دەتوانرێت باش بێت و ببێتە هۆی تۆلەرانس و سیاسەتکردن و دیموکراسی، هێندەش ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆی خوێن رشتن. بۆیە ئێمە چەندێک پێویستمانە بیناسین هێندەش پێویستمانە بەئاگابین لێی. ئێمە قوربانی دەستی پرۆسەی ئەویتربوونین، بۆیە دەبێ هیچ نەبێت لەنێوخۆماندا رووە لیڤیناسیەکەی گەشە پێبدەین..